# کۆتایی شارستانیەت یان دووڕیانی سەرەتا؟

نزار جاف

دوا کتێبی بیرمەندی ناوداری ئەمریکی "فرانسیسکۆ فۆکۆیاما"، کە تیایدا پێشبینی کۆتایی مرۆڤی وەك کەیانێکی مەعنەوی کردو، دەسپێکی سەردەمێکی تر کە مرۆڤ بە دەستی خۆی دایهێناوە و، هەر بە ئارەزووی خۆیشی کردوویەتە حەریفو جێگری لەسەر گۆی زەوی. لێرەشدا، دەبێت دان بەوەدا بنرێت، فۆکۆیاما لەمیانەی ئەو دەنگە دەنگەی کە بەکتێبە پێشووەکەی سەبارەت بە "کۆتایی مێژوو" نایەوە و، پاشان زۆر بەخوێن سارییەوە لەبۆچوونەکانی پاشگەزبووەوە، هەرگیز نەگەیشتۆتە ئەم بۆچوونە تازەیەی لەدەرئەنجامی ڕەشبینییەکی یەکجار خەستو خۆڵی وەك ئەوەی لەناخی "شۆبنهاوەر" و "کۆڵن ولسن" دا بوو، یان ئەنجامێکی نەگەتیفی بەشێوەی ئەوەی کە "مالتۆس" دەریدەبڕی، نەخستۆتەڕوو. فۆکۆیاما، بۆچوونەکانی لەمبارەوە لەسەر بنچینەیەکی "ئەندێشەیی"، یاخود کۆمەڵە مەزەندەکردنو لێکدانەوەیو فەلسەفیو لۆجیکی، بنیات نەناوە، بەڵکو لەلێکدانەوەیەکی وردبینانەوە هاتووە، کە هێز و تواناکەی لەدوا تیۆرو دۆزینەوە زانستییە هاوچەرخەکانەوە، وەردەگرێت، بەتایبەت ئەوانەی کە پەیوەستن بە ئەندازەی بۆماوەییو بابەتی کۆپیکردنی مرۆڤ. بۆچوونە نوییەکانی فۆکۆیاما، لەگەڵ پەرەسەندنی سیستەمی گلۆبالیزم "جیهانگیری" بە هەموو ڕەهەندە فیکریو سیاسیو ئابووریو کۆمەڵایەتیەکانی، کە کاریگەری زۆر بە ڕوونی بۆ سەر زۆرینەی وڵاتانی جیهان دەردەکەوێتو، فراوانبوونی ئاسۆی پێشهاتەکانی چ پۆزەتیف یان نەگەتیف. لەڕاستیشدا، مرۆڤ خۆی لەبەردەم دووڕیانێکی یەکجار هەستیارو مەترسیداردا دەبینێتەوەو، لەوانەشە دووڕیانێکی دیکە لەپێچو پەناکانی مێژوودا هاوتای ئەم دووڕیانە سەرەنج ڕاکێشە لەڕووی بەهێزی فاکتەرە کاریگەرەکان، لەئاراستەکردنی جۆری ئەو کردارەی کە ڕووداوی مێژوویی دروست دەکات، بەدی نەکرێت. بەڵام، ئەمەش نابێتە کۆسپێك لەبەردەم بەراوردکردنی ئەم قۆناغە مێژووییەی ئێستا لەگەڵ قۆناغە پێشووەکانداو، گەڕان بەدوای بنچینە هاوبەشەکان لەنێوانیاندا. چاکتریش وایە لێرەدا، ئاماژە بەو ڕاستییە بکەین، کە قۆناغە یەکلاکەرەوەکان لەمێژووی مرۆیی، کە گۆڕانکارییەکی جۆری لەبنەماکانی کۆمەڵگە مرۆییەکاندا دەهێنێتە ئاراوە، لەهەمان کاتدا، کەرەستەی نوێ دادەنێت کە ڕێگە خۆش دەکات بۆ بنچینەی تازەی تر بە بەهای فیکریو کۆمەڵایەتی جیاوازەوە. هەر لەم ڕووەشەوە، قۆناغی ڕینیسانسی ئەوروپی، بەو هەموو بەهاو بنەما نوێیە جیاوازانەی کە لێی کەوتەوە، بە دڵنیاییی، زۆر جیاوازتربوو لەقۆناغەکەی پێشی کە بەها ئایینیو دەرەبەگییەکانی تیادا زاڵبوو. ئەوەیشی دەبێت سەرەنجی بخەینەسەر، ئەو ڕاستییەیە کە هەموو ئەو بەهاو بنەما نوێیانە لەخۆیەوە یان بێهودەیی نەهاتەئاراوە، بەڵکو هاوتەریب لەگەڵ بەهاو بنەمای دیکەی زاڵ لەو کاتانەدا، ملی دەناو، پەیتا پەیتا لەگۆڕەپانی کاریگەری کۆمەڵایەتی دووری خستەوەو، خۆی جێگیری بوو. ئەم جۆرە گۆڕانە خاو و ئەسپاییە لەبەهاو بنەماکاندا و، بەدرێژایی قۆناغە مێژووییو یەکلاکەرەوەکان، تەنها شێوازی زاڵبووە و، هەر ئەم شێوازەش بووە کە لەدارمانی شارستانییەتەکانی گریگو ڕۆما ڕۆژهەڵاتو ڕۆمای ڕۆژاوا و فارسدا بەدیکرا، هەر وەك چۆن بەرجەستەشبوو لەکاتی لەناوچوونی دەوڵەتی عەباسی لەسەر دەستی (هۆلاکۆ). بەڵام پێویستیشە لێرەدا، جەخت بکەین لەسەر جۆرێکی تر لەشێوازی گۆڕان لەبەهاو بنەماکاندا، شێوازێك کە مۆرکی خێرایی هێندە بەسەردا زاڵە تا هەندێك جار کار دەگاتە ئەوەی فاکتەری کات ڕۆڵی نەمێنێت! ئەم کارەش، ئێستا لەسەردەمی گلۆبالیزمدا بەرجەستە دەبێتو، ئێمە کەمتەرخەمییەکی ئاشکرا لەهاوتەریببوونی بەهاو بنەماکان لەگەڵ هاوشێوەکانیاندا کە لەئاسۆی ئایندەوە سەرهەڵدەدەن، دەبینین. هەر بۆیە، ئاسایی بوو کە جۆرە "تێپەڕاندن" ێك لەئارادا تێبینی بکەین، چونکە خێرایی "نائاسایی" هاتنە ئارای بەهاو بنەما نوێیەکان لەناخی سیستەمی نوێی جیهانییەوە، جۆرە خاویو کەمتەرخەمییەکی "نائاسایی" سەرەنج ڕاکێشی لەبەرەی بەرامبەردا، تێدا بەدی دەکەین. ئەگەر تەماشای شاکاری ئەدەبی وەك "پردی تاسەکان"و، "دڵدارەکانی ڤینیسیا" میشال زیفاکۆ بۆ نموونە، بکەینو، لەگەڵ شاکاری ئەدەبی وەك "پاژنە ئاسنینەکان" ی جاك لەندەنو، "گەڕانەوەی نهێنی بۆ چیلی" ی گابریل گارسیا مارکیزدا، بەراوردیان بکەین، ئەوا ڕووبەڕووی دوو جیهانی جیاواز دەبینەوە، کە هەر یەکەیان بەهاو بنەمای تایبەتیو جیاوازی خۆی هەیە، لەجیهانی یەکەمدا، بەها ئایدیالییەکان بەرجەستە دەبێت، کە لەزۆر کاتدا، لەئەندێشەدا نقوم دەبێتو، لەهەمان کاتیشدا، ڕووبەڕووی مرۆڤێك دەبینەوە کە هێشتا لەئامێزی سروشتدایەو، هەموو بنچینە سروشتییەکان لەڕەهەندەکانی کەسایەتیدا، ڕەنگ دەداتەوە. بەڵام لەجیهانی دووەمدا، ڕووبەڕووی کۆمەڵێك بەهاو پێشهاتی دابڕاو "تا ڕادەیەك لەسروشت" دەبینەوە و، سەرباری ئەوەی کە مرۆڤێکی تری جیاوازمان دێتە بەرچاو، کە لەمرۆڤی ناو باوەشی سروشت جیاوازترە، مرۆڤێکە، توانای ئەوەی هەبوو کە سروشت ملکەچی ئارەزووەکانی خۆی بکات، بەڵام چووە ناو تونێلێکی ململانێکردنەوە لەگەڵ ئامێردا، ململانێیەك، کە توانای ئەوەی نەبوو یەکلایی بکاتەوەو، بیخاتە ژێر کاریگەری ئارەزووە مرۆییەکانی، بەڵکو، بەتەواوی ئیرادەی خۆیەوە، ملکەچی بنەما ڕقو وشکەکانی بوو. کەچی ئێستا، ئێمە ئەگەر تەماشای داهێنانە ئەدەبییە هەنووکییەکانی سەردەمی گلۆبالیزم بکەین، کە باشترینیان هەر بۆ نموونە، لەبەرهەمەکانی مارکیز و گۆنتەر گراسدا ڕەنگ دەداتەوە، ئەوان جیاوازییەکی ڕوونو ئاشکرا لەنێوانیانو، نێوان ئەو شاکارە ئەدەبییانەی کە لەسەردەمی سیستەمی جیهانی پێشووی دوو جەمسەریدا، نووسراون، نابینین، کە ئاماژەمان بە دوو شاکاریاندا. ئەمەش بەو واتایە نییە کە مارگیز و گراس بێتوانا بوون یان نەیانتوانی لەبزاڤی واقیعەکەیان تێبگەن، بەڵکو بابەتێکی گرنگترو مەترسیدارتر لەوە ڕادەگەیێنێت، بابەتێك، کە ڕوودانی لەئاراستەیەکی نامۆو نائاشنا بە مرۆڤدا، خۆی دەنوێنێت، لەبەر ئەوەی کە بەبێ هیچ پێشەکیو خۆئامادەکردنێك، بە جۆرێکی کتوپڕ، مرۆڤ دەخاتە بەردەم بەهاو بنەمای نوێیەوەو، هیچ دەسەڵاتێکی جگە لەملکەچبوونی تەواو بۆیان لەدەستیدا، نییە! نازانم هۆی چیبوو، کە بەراوردییەکی نامۆ ئەنجام بدەم، کاتێك کۆتایی شاکارەکەی مارگیز "خۆشەویستی لەسەردەمی کۆلێرا" م دەخوێندەوە، یەکسەر "ئەفسانەی سیزیف" م، بیرکەوتەوەو، چۆن هەموو بەختەوەری مرۆیی ڕەنگی دەدایەوە لەدووتۆی ئەو گەشتە بەردەوامە "هاتنو ڕۆشتنەوە"ی ئەو کەشتییەی کە دوو دڵداری بە ساڵاچووی تاڕادەیەك، دەگواستەوەو، لەڕاستی واقیعە تاڵەکەیان لەسەر زەوی بە ئاگابنەوەو، هەر بۆیە پێیان باشتربوو لەبازنەیەکی بەختەوەرییەکی ئەندێشەییدا بسووڕێنەوە، کە جیاوازییەکی ئەوتۆی لەگەڵ ئەو بازنە داخراوەدا نەبوو کە "سیزیف" لەمیانەیدا پاڵی بە بەردەکەوەی دەنا لەجوڵەیەکدا کە هیچ ئامانجێکی جگە لەبەردەوامبوونی ئازاری مرۆڤی بەولاوە لێ نەدەکەوتەوە! هەر وەك ئەوەی ببینم، مرۆڤ دوای ژیانی ملیۆنەها ساڵی لەسەر گۆی زەوی، لەناوەڕۆکی فیکریدا، هەمان مرۆڤ ڕاونراو و گەمارۆدراو بەخۆیو لەخۆیشیدا! جێبەجێکردنی نەشتەرگەری ئاڵۆزی وەك، گواستنەوەی سەر لە لەشێکەوە بۆ لەشێکی دیکەو، کۆپیکردنی مرۆڤ بە هەموو ڕەهەندە بایۆلۆجیو سایکیۆلۆجییەکانی، لەوانەیە لەئاستی ڕۆمانەکانی "هاری پۆتر" ی خانمی نووسەری بەریتانی "ڕاولینگ" بێت لەڕووی فراوانی ئاسۆی ئەندێشە لەدوو تۆییدا. ئەگەر تەماشای ئەم بابەتەش لەلایەکی ترەوە بکەین، ئەوا دەبینین کە هزری مرۆڤ توانی زۆر بواری نەزانراوو ئاسۆی نەناسراو لەبەردەم تواناو دەسەڵاتی خۆیدا، والابکات، کە ڕۆژێك لەڕۆژان تەنها باسکردنی ئەو بوار و ئاسۆیانە بە کارێکی ئەفسانەیی دادەنراو، ئەمەش لەخۆیدا، نیشانەی پڕ لەواتای قوڵ بۆ پتر لەلایەنێك ڕادەگەیێنێت. زاناکانی کۆمەڵناسی، ئەگەر پتر لەبوارێکدا، ئاماژەیان بەوە داوە کە دژایەتییەکی قوڵو فراوان لەنێوان بەها کۆمەڵایەتییەکان لەلایەکەوەو، پێشکەوتنی زانستی لەلایەکی ترەوە، ئەوا تێبینی ئەوە دەکەین، کە ئەو پەرەسەندنەی لەپێشکەوتنی زانستیدا دەبینرێت، نیوە چارەکێکی ئەو پێشکەوتنەش لەبەها کۆمەڵایەتییەکاندا نابینرێت، هەر بۆیە ئەو بەها کۆمەڵایەتییانەی کە لەدەرەنجامی پێشکەوتنی زانستی دەکەونەوە، زۆر کاڵو کرچو، بێ بنەمایەکی ڕەسەنایەتین، وێنەی ئەو بەها کۆمەڵایەتییە ئاساییەی کە بەدرێژایی قۆناغە جیاوازەکانی مێژوو دەیانبینین. ئەم بابەتە، هەرچەندە زانا کۆمەڵناسەکان لەرابردوودا، هەڕەشەیان لەئاسۆو دەرەنجامەکانی ئایندەی دەکرد، ئەوا ئەمڕۆ، بۆتە دیفاکتۆیەکو، کۆمەڵناسەکان، سێبەرە نەسرەمەکەی لەناو کۆمەڵگە پیشەسازییەکانی ڕۆژاوادا بەجوانی دەبینن. گرفتە بنچینییەکە لەخاڵێکی گرنگو سرنج ڕاکێشدایە، کە بەها کۆمەڵایەتییە جیاوازەکان بەدرێژایی مێژووی مرۆیی، دوای تێپەڕبوون بە چەندین گوزەرو پێچو پەنادا، ئنجا دەهاتنەئاراوە، کەچی ئەوەی کە لەناوەڕاستی سەدەی بیستەمەوەو، تاماوەیەکی نزیکیش بینیمان، شێوازێکی دیکەی گرتە خۆی، کە لەمیانەدا، جۆرە کەلێنێك لەنێوان بەها کۆمەڵایەتییەکانو، پێشکەوتنە زانستییەکەدا، دەبینرا، بەڵام ئەمڕۆ، ئەو بابەتە گۆڕانێکی بنچینەیی بەرسەرداهاتو، ئەو کەلێنەی کە زانا کۆمەڵناسەکانی نیگەران کردبوو و، قسەیان لێوە دەکرد، ئەوا بەتەواوەتی لەماوەیەکی کورتی داهاتوویەکی یەکجار نزیکدا نامێنێت! هۆی ئەوەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە خێرایی پێشکەوتنە زانستییەکان لەئاستێکدایە، کە بەها کۆمەڵایەتییە خاوو خلیچکەکان هەرگیز ناتوانن هاوتەریبی بن، ئەمەش ئەو واتایە دەگەیەنێت، کە پچڕاندنێك لەنێوان کۆمەڵ "لەڕووی مەعنەوی" و پێشکەوتنی زانستیدا دێتەئاراوە. ئەو بازدانەی پێشکەوتنی زانستی کە مەودا لەنێوان بازێكو ئەوی تردا یەکجار گەورەتر دەبێت، لەپەنایدا، هەنگاونانێکی کیسەڵئاسای بەها کۆمەڵایەتییەکان، بەدی دەکرێت! فۆکۆیاما ئەم گرفتەی بەوە چارەسەرکرد کە کۆتایی مەعنەوی مرۆڤی ڕاگەیاندو، ئەوەی ئاشکرا کرد کە مرۆڤ لەبەرامبەر ئامێرێك کە شێوەی خۆی پێ بەخشیوە بە تەواوەتی بەزی! بەڵام لێرەدا، ئێمە دەتوانین ئەو ڕەخنەیە لەفۆکۆیاما بگرین، کە ئەو ئامێرەی شێوەی مرۆڤی پێ بەخشراوە، هەمان کلتوورو بیرکردنەوەو لێکدانەوەی مرۆڤی پێ بەخشراوە، مرۆڤەکەی فۆکۆیاما "ئەگەر ڕێگە بە خۆمان بدەین نازناوێکی وا بڵێین"، ئەگەر بیەوێ بجوڵێتەوەو، چالاکی بنوێنێت، ئەوا بەبێ ئەو زانیارییانەی کە مرۆڤ بەدرێژایی مێژووی خۆی کۆی کردۆتەوە، لەناو مێشکیدا حەشار نەدرێت، مەحاڵە هیچ کارێك ئەنجام بداتو، سەرەڕای ئەوەی کە هەڵگرتنو بەرجەستەکردنی بیرو هەستو نەستی مرۆڤی سروشتی جاران، ئەو ڕاستییە دەبەخشێت کە ئەم مرۆڤەش لەخۆیدا درێژەدانێکە بەو مرۆڤە ئاساییە. بەڵام من ئەمە دەخەمە لایەکەوەو، تیشك دەخەمە سەر لایەکی تر، ئەویش گەیشتنی مرۆڤە بە قۆناغێکی مێژووی یەکجار مەترسیدارو ئاڵۆز و، هەموو بەها ڕوحیو مەعنەوییەکانی هەڕەشەی پەرەنەسندنیان لێدەکرێت. ئەم قۆناغە، کە هێما سەرەکییەکەی ئەو قەیرانە سەرانسەرییەیە کە هەموو بوارەکانی گرتۆتەوە، هەرچەندە قەیران لەخۆیدا شتێکی نامۆ نییە لەژیانو مێژووی مرۆڤداو، لاپەڕەکانی مێژوو چەندەها نموونەی لەو جۆرەمان بۆ دەگێڕنەوەو، قەیرانەکان کاتێك پەرە دەسێنن کە قۆناغە مێژووییەکان لەگیاندانداو، بەوەش ڕێگە بۆ قۆناغی نوێتر خۆش دەکەن. لێرەشەوە، دارمانی سەرنج ڕاکێشی ئەزموونی مارکسیزم - لینینیزمو، باڵادەستبوونی سیستەمی گلۆبالیزم بە هەموو پێشهاتو ڕەهەندە "چاکو خراپەکانیشی" کەخەڵکانێکی زۆری نیگەران کردووەو، ئەو ئەزموونە سیاسییە - سەربازییانەی کە لەچەندین ناوچەی جیاوازی جیهاندا ئەنجامدراونو، ئەو شێوازە سەیرو نامۆیەی ڕووبەڕووبوونەوە لەنێوان باڵە تیرۆریستەکانو دەسەڵاتدارییەتە سیاسییە جیاوازەکان لەجیهانداو، ئەو ئەزموونە زانستییە مەترسیدارە ئاشکراکراوو نهێنییانەی کە ئەنجامدراون، هەموو ئەمانە ئاسۆیەکی نوێ بۆ قۆناغێکی نوێ لەتەمەنی مرۆڤ لەسەر گۆی زەوی دەنوێنێت، ئەوەیشی کە مایەی تێڕامانە، ڕاستییەکی زۆر سەیر و سەرەنج ڕاکێشە، هێشتا ئەو قۆناغە چڕ نەبۆتەوەو، شێوەی کۆتایی خۆی وەرنەگرتووەو، هێشتا لەبەردەم دووڕیانێکی یەکلاخەرەوە دایە کە چەندین ڕێگای لێدەکەوێتەوەو، ڕێگەکەی فۆکۆیاما یەکێکیانە "ئەگەر کارەکە بەسوودی ئەو کەوت بەلایەکدا". هەڵبەت ماوەتەوە بڵێین، کە ئەو دووڕیانەش لەژێر کاریگەری دوو فاکتەری یەکجار گرنگدایە لەسەرانسەری مێژووی مرۆڤدا، کە بریتین لە:

١ - هێز.
٢ - بیروباوەڕ.

ئەمڕۆ، ڕۆژاوا ئەگەر هەموو هۆکارەکانی هێزی لەبەردەستدابێت، ئەوا زەمینەیەکی لەباری نییە لەبواری پڕەنسیپە مەعنەویو ڕوحییەکانیدا، بەتایبەت کاتێکیش لەگەڵ باڵە دڕەکانی نەیاریدا ڕووبەڕوو دەبێتەوە. هەروەها ئەو باڵانەش، ئەگەرچی بانگەشەی ئەوە دەکەن کە زەخیرەیەکی دەوڵەمەندیان لەپڕەنسیپە ڕوحیو مەعنەوییەکان هەیە، کەچی لەهەمان کاتیشدا، ئەو ڕاستییەش ڕوونە کە لەڕووی هێزەوە، زۆر دواکەوتوونو، هەرگیز ناتوانن شان بەشانی ڕۆژاوا بدەن. پرسیارەکەش ئەوەیە: دەکرێت بەدەر لەم هاوکێشەیە، قۆناغی ئایندەی مرۆڤ بێتە دی؟!

تێبینی: دەقی عەرەبی ئەم بابەتە لەڕۆژنامەی "الزمان"دا بڵاوکردەوەو، وەرمگێڕا بۆ کوردی بە هەندێ گۆڕانو ئیزافەی نوێیەوە.

nezarjaff@gmail.com



# ئەمجارەش دەنگماندا.. بزانین گۆڕانەکان چی ئەبێ؟

نەوزاد حوسێن محەمەد



قسەیەکی کوردی هەیە دەڵێ: {ئەگەر جارێ فێڵت لێکردم خودا بتگرێ، ئەگەر بوو بەدووجار خودا من بگرێ}.. ئیسلامیش ئەڵێ : (ئیماندار لەیەك کوندا دووجار پێوەی نادرێ)... ئەگەر ماناو مەبەستی ئەم دوو قسەیە لەگەڵ ڕووداوەکانی ناو گۆڕەپانی سیاسی عێراقو کوردستان بەراوردبکەین، ڕەنگە ئەوەمان لەلا ڕوونبێتەوە کە ئەگەر ئێستا جەماوەری گەلی کوردستان بەرگەی چەند فێڵو پێوەدانێکیان گرتبێ لەڕابردووی دوورو نزیکدا چیتر لەمەودوا پێداویستییەکانی ژیانو گەشەکردنی بنەماکانی کۆمەڵگای مەدەنی کە دیموکراتی کۆڵەکە بەهێزەکەیەتیو هاتنە پێشەوەی نەوەیەکی هۆشیاری نوێ قبوڵی ئەوە ناکەن دەستیان پێبکرێو بە قسەی بریقەدار و دروشمی سواو داواکارییە هەنوکەییو - ستراتیژییەکانیان بدرێتە دواوەو پشت گوێ بخرێ... خۆ جەماوەری خەڵکی کوردستان زۆر بەباشیو بەجوانی هەردوو ئیدارە خۆماڵییە کوردییەکەیان ئەناسییەوەو زۆریش داخ لەدڵن بەرامبەریان سەبارەت بە کەمتەرخەمییەکانیان لەبواری ئاوەدانکردنەوەی کوردستانو جیاوازی کردن لەنێوان ئێرەو ئەویو ئەمو ئەودا، تا دەگاتە دامەزراندنی سەدان کەسی نەشیاو لەشوێنە گرنگەکانو مۆنۆپۆڵ کردنی پرۆژەکانی ڕێگاوبانو سووتەمەنیو سەرجەم پرۆژە تایبەتییەکانی دیکە. بەڵام ئەم جارەشیان ڕووی خۆیان سپی کردو بە ئامادەبوونێکی یەکجار زۆرەوە زەماوەندی هەڵبژاردنو دەنگ دانیان سازکردبوو ڕووەو سندوقەکانی دەنگ دان چوون. هەڵوێستی جەماوەر لەبەرامبەر پرۆسەی هەڵبژاردن هەڵوێستی مەردان بوو، هەڵوێستەی نەوەیەکی بەسۆزو بەڕێزبوو بەرامبەر دایکی نیشتیمانو نەتەوەیەکی بێ ناز کەوتوو... ئامادەبوونی خەڵك بەو قەبارە گەورەیەو جۆشو خرۆشەوە بۆ ئەوەبوو نامەیەکی کراوە بۆ دنیای ڕۆژئاواو کۆمکاری دەوڵەتانی عەرەبو تیرۆریستانو حکومەتی عێراقی بنێرن کە ئەوەی ئێمە بمانەوێت ئەیکەینو هەر دەسەڵاتێکیش لەکوردستان ئێمە لەپشتی بین لەخۆی نەترسیو گەر ئێمەش نەبین ئەوانیش نابن...لەبەر ئەوە هەرکاتێ ئەگەر بەڵێنەکانی کاتی هەڵبژاردنمان بینی کەلایەنی کەم زۆرینەی جێبەجێکراوە دڵنیاین لەوەی کە ئەتوانین سەرجەم سنووری کوردستان ئاڵاڕێژبکەین بە ئاڵاکەی (قازی )و (مەلیك مەحمود)، پێچەوانەکەشی هەڵبژاردنەکانی داهاتوو دەری ئەخات کەچی زەبرێکی کوشندە ئەوەشێنن لەوانەی کە ئەبنە ڕێگری جێبەجێکردنی بەڵێنەکان....

گومانی تیانییە کە بیروڕا جیاوازەکانی مرۆڤ نرخو بەهایەکی گەورەی هەیە لەلای زۆرێك لەکەسانی ڕۆشنبیر بۆ دروست کردنی ئاراستەی جیاوازو دواتریش ڕۆشنبیریو سیاسەتو دەسەڵاتو شارستانی جیاواز، دیارە تاکی کۆمەڵگاش لەئەنجامی پەروەردەکردنی خۆیەوە بە بیرو هۆشی نوێو دروست بوونی فشاری بیری جیهانگیری (عولمە) لەسەری، تاکێکی ڕۆشنبیرو لاسارو یاخی لێدەرئەچێو هەوڵی ڕزگاربوونو دەربازبوون ئەدات لەژێر ڕکێفو کۆتی بیرە کۆنو سواوەکان، بەو کردەیەش بەهێزئەبێو ئاسۆکانی بیری فراوان تر ئەبێتو ماف بەخۆێ ئەدات کە ڕێگای سیاسی جۆراوجۆر ڕێگر بۆ دەسەڵاتو کارەکانی دەوڵەت دابنێ ئەمە لەکاتێکا ئەگەر هەستی کرد ئەو دەسەڵاتە دژی داخوازییەکانی ئەم هەنگاو ئەنێ.. کە حاڵیش گەیشتە ئەوێ ئینجا دیموکراتی ئەکات بەچەکی دەستیو پاسەوانی خۆیو کۆمەڵگای پێ ئەکات، لەپێناو دابینکردنی ژیانێکی یەکسانو گەڕانەوەی مافە سادەکان بۆخاوەنەکەی کە ئازادیو سەربەستییە، ئەویش لەڕێگای یاسا جیهانیو نێونەتەوەییەکانەوە نەك بەڕێگای هەڵچوونی ئاژاوەگێڕی... ئەنجامی ئەو پرۆسەیەش بە کەوتنو لاچوونی دەسەڵاتێكو هاتنە پێشەوەی دەسەڵاتێکی دیکە کۆتایی دێت کە لەڕاستیدا ئەوە جەوهەری دیموکراتی یەکەیە... لەووڵاتە دیموکراتی یەکاندا نمونە زۆرن لەسەر لاچوونی دەیان حزبو ڕێکخراو و جێگرتنەوەیان بەکەسو دەسەڵاتی دیکەی چاکترو گونجاوتر ئەگەر بۆ ماوەیەکیش بێت....

بیری دیموکراتی بۆ خۆی کۆمەڵێ بنەماو کۆڵەکەی بەهێزی هەیە کە سەرچاوەیان لەچاوگێکەوە گرتووە سەرجەم دڵۆپەکانی هەمیشە لەچاودێریکردنو پاراستنی - مافەکانی مرۆڤو ئازادیە بەشەرییەکاندایە، بەپێی ئەو یاسایەی کە ڕێگای پێدراوە، لەلایەك ڕەخنەگرتنو ناڕەزایی دەربڕینی لەناو تەلاری پەرلەمانەکانو دەرکردن یان چاك کردنی یاساکان بە شێوەیەك کە لەخزمەتی زۆرینە دابێتو لەلایەکی دیکەشەوە بەگەڕخستنی ڕۆژنامەو کەناڵەکانی ڕاگەیاندنو وروژاندنی شەقامەکانی ووڵاتو خەڵکی هێنایە سەرجادە، سیمایەکی جوانو ئەرکێکی دیکەی دیموکراتییە ئەگەر دەسەڵات پێی سەغڵەت نەبێو ڕێگای لێنەگرێت..

هەر ولات و گەلو نەتەوەیەك ئەگەر ئەو بنەماو کۆڵەکانەی تیا گەشە نەکات ئەوا بە بەردەوامی کێشەی سیاسیو ئابوری چارەسەرنەکراوی تیا کەڵەکە ئەبێو گەندەڵی سەرجەم داموودەزگاکانی حکەمەت داگیرئەکاتو کیانە سیاسییەکەی لەوێستگەیەکی لەبەفر دروستکراوی بەردەم تونێلێکی تاریك بەجێ دێڵێت..

دروست بوونی پەرلەمانێکی بەهێزو ڕووناکبیر کە ئەندامەکانی پێکهاتبێ لەنوێنەری سەرجەم پێکهاتە نەتەوەییو کۆمەڵایەتیو سیاسییە جیاوازەکانی عێراق ئەرکی هەنووکەییو بەپەلەی ئەم وڵاتەیە تا بتوانێ بە ماوەیەکی کەمو دیاریکراو حکومەتێك دروست بکات کە بەوەفابێت بەرامبەر بەو جۆشو خرۆشەی جەماوەر، چونکە ئەوەی ئەرکی سەرشانی هاووڵاتیبوو بەزیادەوە جێبەجێی کرد.. سەرەڕای هەموو کەمو کوڕیو گەندەڵییەکان، پاراستنی ئاسایشی نەتەوەیی لەلای تاکی ئەم میللەتە - لەسەرووی هەموو بەرژەوەندییەکانەوە بوو.. بەم پاراستنەشی دەسەڵاتێکی لەگەڵ ئەو ئاسایشە نەتەوەییەدا پاراست، بەڵام ئایا ئەبێ کەسانی ناو دەسەڵاتو بەتایبەت ئەوانەی کە بەڵێنیاندا بەسەرجەم چینو توێژەکان کە ژیان خۆشترو باشتربکەن بەڵێنەکانیان ببەنەسەر؟. تۆبڵێی لەبیر نەبێ کە ماوەکی دیکە هەڵبژاردنی دیکەش دەکرێ؟. بەردەوام بوونی لەسەر ڕێبازو ڕێچکەیەك لەو شێوەیەی کە لەو چەند ساڵەی ڕابردوو لەکوردستانو عێراق پیادەکراوە، نیشانەی ئەوەیە کە هەر لەئێستاوە ئەبێ چەپکە گوڵی پیرۆزبایی ئامادە کەین بۆ دەسەڵاتدار و- کار بە دەستانێکی دیکە.